# ئاڵمانە !



ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی
نۆی خەرمانانی ١٣٩٥

مانگ تازە لە پشت کێوی میراجی هەڵهاتبوو و هێواش هێواش و بە شێنەیی بەرەو دەشتایی ئاسمان ملی نابوو . تریفەی مانگە شەو لە پەرژینی باخەکانی ئاڵمانە دابوو و زنوێر و ڕەوەزکانیشی بێ بەش نەدەکرد . شنەی شەماڵ هەڵێکردبوو و گەرمای هاوین تینی نەمابوو. گوڵە بۆخۆشەکانی دەشت و مەزراکانی ئاڵمانە لە بەر ڕووناکی مانگ و سروەی کوێستان دەمیان کردبوەوە و گەشابونەوە . لە بیرەوەریەکانمدا سەرگەردان بووم . وام دەزانی لە بەر ئەو مانگە شەوە بەرەو بەرزایی قەلەبەرد دەڕۆیشتم . بە دەم ڕێگاوە لە جۆگەی دەگاوەر* پەڕیمەوە و بەرەو بناری تیکلان ،گوێز میران و سەر خەرنگەزە ملم نا و هەڵکشام. کانیاوە هەزار نۆشەکانی کوێستانی چاڵاو و قەلەبەرد بە هاژە هاژ و لرفەلرف بەرەو چەمی گردەڵان و ڕووباری سیروان هەوراز و نەشێوی کوێستانیان بنکەن دەکرد وڕێگای پێچاوپێچ و ناهەمواری کوێستانیان بێرەحمانە دەبڕی . بۆن و بەرامەی گوڵ و گیای کوێستانی قەلەبەرد ، ئەو ناوەی پڕ کردبوو . خەرمانەی مانگ تەنانەت نزارەکانیشی دابوە بەر تێشکی دڵرفێنی خۆی .

مانگ هەر لە دەشتایی ئاسمان بە خاوە خاو و بە تاسکە تاسک هەنگاوی دەنا و، چەم و دەشت و دۆڵی ڕووناک کردبووەوە . نازانم چۆن بوو بە ماندوویی گەیشتمە کانیاوی هەزار نۆشی " مەڵهەوا" و قومێک ئاوم خواردەوە . داوێن وبناری قەلەبەرد ، سەرچۆڕ، پێدەشتی مەریوان و چیاکانی هەورامان لە گەڵ شۆخ و شەنگی خۆیاندا شەڕیان دەکرد . دەڤەرەکە حیکایەتی مەرگەساتی وڵاتێکی داگیر کراویان کە کارەساتی تاڵتر لە تاڵیان بەسەردا سەپابوو، بە سرتەسرت دەگێڕایەوە . هێزم لە بەر بڕابوو وماوەیەک لە سەر کانیاوەکە دانیشتم و وچانێکم گرت . ماندوویەتیم دەر چووبوو دەر نە چوبوو ، دیسان بەرەو لوتکەی کوێستان کە هەزار و یەک هیوای گەشم لە سەر هەڵچنیبوو، هەنگاوم نا و هەلزنام . زۆر تامەزرۆی دیداری ئازیزانم کردبوو . حەزم دەکرد هەموو دیوارەکان بڕوخێنم و سنورەکان بسڕمەوە . دەمەویست لە سەر لوتکە دیداریان کەم تا شەپۆلە تۆڕەکانی دەروونم هیمن کاتەوە .لە کانگای دڵمەوە تاسەی دیداریانم دەکرد . لە چ جێگایەک دەمتوانی ئازیزانم دیدار کەم ؟ بە ناچاری هانام بۆ تریفەی مانگ و سۆزی چیا و فرمێسکی ئەستێران و تاڵە سوار برد . ئەوانیش بێ شک و گومان وڵامیان دایەوە و وتیان : بەرەو لوتکە ی بەرز بڕۆ ! بە دەم ڕێگاوە هەر بیرم دەکردەوە . لە بەردەم خەمەکانم، مێشک ودڵ و دەرونم دەیانناڵاند . کام لە براکانم لە سەر لوتکە هەوەڵ جار ماچ کەم و لە ئامێز بگرم ؟ هەر نەمتوانی هەڵویستێک بگرم . مانگ پسکۆ پسکۆ ماڵئاوایی کرد و ئەستێرەکان تا کازیوە هاوڕێم بوون . کتوپڕ گەیشتمە لوتکە و داچڵەکیم . لە لوتکەی قەلەبەرد من و خۆرەتاو بەیەک گەیشتین . بە خەمناکی ئەم لا و ئەولای خۆمم چاو لێکرد . سەری بەرزتر لە بەرزی ئازیزانم لە ئاسۆی ئەو سەر نادیاری مێژووی ڕزگاریبەخشی ڕەنجدەران و هەژارانی کوردستان بێنی و تێر و پڕ تاسەم شکا .

( ر - م س ) نۆی خەرمانانی ٢٠١٦

زانیاری پێویست سەبارەت بە ئاڵمانە :
١- جۆگەی دەگاوەر: جۆگەیەکە کە لە کانیاوی بەڵخەی دەگاوەر سەرچاوە دەگرێت و، ئاوەکەی بەرەو مەزراو زەوی و زاری دانێشتوانی ئاڵمانە دەڕوات .
٢- تیکلان،گوێز میران و سەرخەرەنگەزە : سێ مەڵبەندی خۆش و سەیرانگای دڵگیر و هەوارنشینی ئاڵمانەیە .
٣- مەڵهەوا: کانیاوێکی هەزار نۆشە کە لە داوێنی کوێستانی قەلەبەر هەڵکەوتوە .
٤- میراجی: کوێستانێکی بەرزە کە لە خۆرئاوای مەریوان هەڵکەوتوە .
٥- چاڵاو : چاڵاو لەگەڵ قەلەبەرد زەنجیرە چیا و کوێستانێکی مەزنن و لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی ئاڵمانە و چۆڕ هەڵکەوتون .